# سەردەمی تۆمارگەیە کاك هەریری

کوردی

لەسەردەمانی پێش داهێنانی ڕادیۆ، تەلفزیۆن و ئەنتەرنێت لەوانەیە یەکێک ووتارێکی ووتبا پاش چەند ساڵێک ووتارەکەی چەواشەکرابا

بەڵام لەکاتێکدا کە ئەم دەزگایانەی سەرەوە کە باسم کرد هاتۆتە کایەوە هەر یەکێک شتێک بڵێ ئەوا لەسەری ئەبێ بە ماڵ، زۆر جار مرۆڤی ڕۆشنبیر کە هەڵەیەک ئەکا پاشان بۆ ئەوەی نەبێتە ماڵ لەسەری داوای لێ بووردن دەکات بەپێچەوانەش ئەوا هەر سورە لەسەر ووتارەکانی و ئەیوێت خەڵک چەواشەبکات.

وە هەر کەسێک کە بیوێت چەواشە نەکرێت ئەوا بەدووای نووسینە تۆمارکراوەکان ئەگرێ .

کاک هەریری وائەزانێ هەر لەسالانی پێش **1400** ساڵ ئەژیێ، وائەزانێ نووسینەکەی لە سەر سایتی کوردستانی نێت نەماوە و کەس ناتوانێ بۆ جارێکی تر بیخوێنێتەوە

ئەمە دەقی نووسراوی تۆیە:

بەلام لەوانەیە هێشتا ڕووشنبیری کورد وەک پیاوی ئاسایی کۆمەلگاکەمان پێی جوان نەبێت وەلآمی ئافرەتێک بداتەوە هەرچیش بلێت لەگەڵ ئەو پەری ڕێزم بۆ مهاباد خان

کورد دەلێ پێش هەر قسەیەک جوان بیری لێ بکەوە، بۆچی ڕۆشنبیری کورد پێ جوان نیە وەڵامی ئافرەتێک بداتەوە هەرچیش بڵێت من لە تۆی ناپرسم مانای چیە بەڵام لە خۆێنەر ئەپرسم ئەمە چی ئەگەیەنێت

لە بەرگەیەکی تر ئەلێ ئەم برایە بۆ قڵس بوە بڵێی ئاواتی کۆمەلگایەکی پر لە گەیی و لێزبیان بۆ کورد بخوازێ، پاشان ئەڵێ: ئەویش پشگیری دەکات با یەکەم جار لە خۆیەوە دەست پێ بکات

بەرێز من قەت نابم بە گەی چونکە براوی تەواوم بە ئافرەت هەیە و ئافرەتیش زۆر پیرۆزە لەلام وەک ئاینەکەی تۆ ئافرەت بە نیو مرۆڤ دانانێم تاوەکو ئافرەت لە مرۆڤایەتی بسڕمەوە و ڕوو لە گەی بکەم بەلکو من بە دوای ئافرەتی هاو بیری خۆم ئەگەرێم و ژیانی لەگەڵ درووست بکەم، مارەبریمان تەنها گوڵێک ئەبێ و لە جیاتی مەلاکانی عەرەبیش دەبێ شاعیرێک بە کۆپەلەیەکی خۆشەویستی من و ئەو بەیەکەوە ببەستێتەوە

بەڵام ئەو کەسە ئەبێتە گەی وەک لە نووسراوەکەی پێشووم باسم کردبوو ئەوا بۆ جارێکی تریش بۆت ئەنووسمەوە بەڵام تکام وایە جوان تێبگە بزانە کێ ئەبێ بە گەی

کەواتە ناهەقیان نیە ئەم ئافرەتانە ئەم چەشنە پیاوانە ڕەت ئەکەنەوە، وە ئەگەر پیاو لەو بیرە تەسکە دەرنەچێت ئەوا لە دووارۆژا لیسبیان بە ڕێژەی ئەو جۆرە پیاوانە درووست ئەبێ بە شێوەیەک ئەم پیاوانەش هاوچەشنی خۆیان دەست ناکەوێ هەربۆیە بە ناچاری ڕوو لە گەی ئەکەن، ئەبن بە گەی هاوچەرخ

لە برگەیەکی تردا ئەڵێی: جەنابت سوکایەتی بەو هەموو کوردەی ئەورووپا دەکەیت کە گوایە لەشیان فرۆشتووە لە یونان و ئیتالیا

من ووتوومە کورێکی زۆری کورد لە یونان و ئەورووپا لەشیان فرۆشتووە و پێم سوکن بەڵام دیارە تۆ پێت سووک نیین بۆ یە ئەڵێی ئەوە من نیم سوکایەتی بکەم بە ئافرەتی کورد، بەڵام تۆ یەکسەر بازت دا لە کێشەی ئافرەت بۆ لەش فرۆشتنی پیاو دوو برگەت بەستەوە بەیەکەوە بێ ئەوەی پەیوەندی هەبێ و بە ناڕاستەوخۆ ئەم جۆرە پیاوانەشت بە سووک دانەنا بەڵام ئەمە بە هەڵەی ڕێزمانی بۆت دائەنێم

هەروەها من ئەوکەسانەش بە لەش فرۆش دائەنێم ئەگەر فشاری خێزانیان لەسەر نەبێ بۆ پێک هێنانی ژیانی هاوسەری تەنها بناغەکەیان پارە بێت، وە فشاری خێزانی ئەوە ئەگرێتەوە کە باوک و برا بە زۆر کچ بدەن بە شوو یاخود بە زۆر ژن بۆ کور بێنن، ئەگەر هەر کەسێک چ کور چ کچ بەم چەشنە بیر بکاتەوە ئەوا لەش فرۆشە لای من ئەمە ڕای خۆمە

هەرەوەها ئەڵێ ئەمە ژمارەیەکی یەکجار کەم بوون کە شایەنی باس کردن نیە نازانم

ئەمەش هەڵەی زمان بوو یاخود چەواشەکردن بوو ئەڵێی: یەکجار کەم بوون وەک لای تۆ ئەم دیاردەیە بن بڕبووە و ئێستاش کورد لە یونان و ئیتالیا نەماون

من کە ئەم دیاردەیەشم باس کرد تەنها مەبەستم ئەوەیە تەنها ئافرەت ناوی سوکی لێ نەنرێت

کاک هەریری پێم ئەڵێ: وەک غەیب بخوێنێتەوە

من تێوەرەکانی دەروون ناسیم خوێندۆتەوە وە هەندێ نووسین دەتوانم شی بکەمەوە بەڵام من قەت ناتوانم غەیب بخوێنمەوە ئاخر من ئیمام غەزالی نیم بە ئایەتەکانی قورئان جادوو بکەم و غەیب بخوێنمەوە

کاک هەریری پێم ئەڵێ وەک پیاوانی بازار هەلچووە: ئەگەر ببینن وا پیاوێک لە کێشە دایە لەگەڵ ئافرەتێ ئەمە چی ئەگەیەنێ

پیاوی بازار کە کێشەی هەبێ لەگەڵ ئافرەت مەگەر لەسەر بابەتی کرین و فرۆشتنی جاریەکان بێت کە لە دوورگەی عەرەبی ئەکرا ئەم پیاوە پیرۆزانە کە خەلیفەی ئیسلام بوون بە پیاوی بازار لە مێژووی دراون کە تۆ براوایان پێ ئەکەی من بەهیچ شێوەیەک کێشەم نیە لەگەڵ ئافرەت بەلکو تۆ کێشەت هەیە و هاتوویتە ناو ئەم بازارە

دیسان کاک هەریری ئەیوێت بابەتەکانی خۆی بەهێز بکات ئەڵێ

ئینجا خۆم دەمێکە ئاشنام بەو لێکۆلینەوە سوسیۆلۆژیانە، پیلانی تەواوکردنی خوێندنی بالآشم هەر لەسەر ئەو بابەتەیە

مەرج نیە کاک هەریری ئەگەر خوێندنی بالآت لەسەر ئەم بابەتە بێت یان نەبێت ووتەکان و بۆ چوونەکان ڕاست بێت چونکە دەیان زانای بە ناوبانگ کە بناغەی زانستیان داناوە ڕوژانە بابەتەکانیان لێکۆلینەوەی لەسەر ئەکرێت و تێوەرەکانیان هەڵ ئەوشێنرێنەوە ئینجا تۆ ناتوانی بە بڕوانامەیەک کە بەدەست نەهێناوە بیرو ڕای خۆت پێ پەسند بێت

پاشان بۆ حەز ناکەی وەڵامی کەسانێک بدەیتەوە کە لەژێر نازناو خۆیان حەشار دابێ ئەمە چ پەیوەندیەکی بە تۆوە هەیە یان

ئەڵێی چونکە زیاتر لە **30** ملوێن مرۆڤی کوردی هەیە ئاخردووژمن بە سەدەیەک **5** ملیۆن کوردی کوشت بەڵام تۆ بە شەو ڕۆژێ **15** ملیون کوردت سڕیەوە بۆ ئاگاداریت

ژمارەی کورد زیاتر لە **45** ملیۆنە ئازیزم **15** ملیون زۆر زۆرە ئەنفالت کرد بە دەستوری ئاینەکەت

پێووسیتە کاک هەریری دان بە هەلەکانت دابنێی یەکەم: داوای لێ بووردن لە ئافرەتی کورد دووەم لە خوای خۆت چونکە قسەت بۆمن هەڵبەست و وویستت بابەتەکان چەواشە بکەی

سەبارەت بەو نووسینەی کە بە ئینگلیزی نووسیوومە زۆر باش تێی ئەگەم بەڵام وەرگێران لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر ئەرکێکی ئاسان نییە بەڵام لە نووسینەکەی پێشووت چەند سەرچاوەیەکی ئینگلیزیت نووسی بوو بۆیە منیش ئەم دەقە ئینگلیزیەم بۆ ئاراستە کردی وە دانیش بەوە دائەنێم کە ئیگلیزیەکەم زۆر بە هێز نییە وە بۆ هەر ئەم مەبەستەش داوای لێ بووردن لە خوێنەر ئەکەم

وە لە تۆش کاک هەریری ئەگەر ووشەکانم تۆزێ ڕەق بێت

تکات لێ دەکەم نووسینەکان بە ووردی بخۆێنەوە هەروەها زۆر بە شێنەی شت بنووسە چونکە مرۆی بە پەلە هەڵە زۆر ئەکات بە تایبەتی تۆ خۆت ئامادە دەکەی بۆ خۆێندنی بالآ

خوێنەری ئازیز تکا ئەکەم بۆ ڕاست و درووستی نووسینەکانم هەردوو نووسراو بخوێنەوە خۆتان نووسینەکان لە سەنگی مەحک بدەن

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیر و بۆچونی نەتەوایەتیمان بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە بەڵام بەهۆی بڕوابوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە.... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگایە ......... ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسینێکدا دەنووسرێت.. ١٥-١-٢٠٠٣......

www.kurdistannet.org کوردستان نێت